**بەرێزانی چاک - یەکەم و دووەم جینۆسایدی کورد لەسەر دەستی ئەمەریکاو بەریتانیا بوو                    هەڵەبجەیی‌یەک**

**بۆ سودی بەشێکی کوردستان و بەشێکی سیاسەتی کوردی ئێستا کە نازانین سبەی چی روو ئەدات، سوتاندنی تەواوی مێژوی نوێی کوردستانی باشور بە تایبەتی و کوردستانی گەورە بە گشتی کارێکی نارەوا نیە؟ کورت کردنەوەی جینۆسایدی کورد تەنها لەسەر سەددام و فرانسەکەی هۆڵەند و فەرەنسای گەورەش وەک باسکی بانان بۆی دەرچێت کفری مێژوو نیە؟**

**کاتێک چێرچڵ هاواری کرد بە رۆژی روناک ووتی "من ئامادەم چەکی کیمیایی بەرامبەر خەڵکی ناشارستانی بەکار بهێنم [مەبەستی کورد بوو]" و هۆی بەکار نەهێنانەکەشی بە دان پیانانی ئینگلیز خۆیان هۆی پراکتیکی و کەم توانایی خۆیان بوو ئەو کاتە بەرامبەر شێخ مەحموود، کام لە مێژو ناس یان سیاسەتەوانەکانی ئێمە جورئەتی هەیە ئێستا بیکێشێتەوە بە چرو چاویاندا پێیان بڵێ: "گەر وەک بارزانیمان لێ ئەکەن ئەوا ئەو، قازی و شێخ فێریان کردنی کێ دۆستەو کێ دوژمن، ئێمە هیچ دۆستێکمان نیە شاخەکان نەبێت!" ئەمە یەکەم جینۆسایدی کورد بوو لەسەر دەستی ئینگلیزی داگیرکەری ئەوکاتە جا 20 ساڵ لەمەو بەر بێت یان 80 هیچ جیاوازی نیەو ئەرمەنەکانیش هەر چەن ساڵێک پێش ئەوەبوو بە دەستی تورکی خوێنرێژ جینۆساید کران لەگەڵ کوردو تا ئێستاش هەر باسی ئەکەن و هەوڵی بۆ ئەدەن.**

**بە ویژدان قسە بکەین ئێستا سەدام باری لارەو ئێمەش کە لە ئەنفال نەجاتمان بوو حەز ئەکەین لە هەڵەبجەکەمان پەتی قەناره [هەمان ووشەو پەتەکەی قازی] بکەینە ملی و تەرمەکەشی بنێرین بۆ نوگرە سەلمان تا سەگ بیخوات، بەڵام خۆ ئەو بە تەنها ئەو کارەی نەکرد! خۆ سەددام خۆی نەهات بۆ سەر سنوری عێراق ئێران و دوایی لە تەواریەکەی سلێمانی و دوایی لە دوز و تا گەشتینە سەماوەو خودی نوگرەسەلمانە شومەکە سەدام پێ ئەچێ هەر ئاگاشی لێ نەبووبێت [بە دڵنیاییەوە ئەمە مانای بێ گوناهی ئەو نیە چونکە چ بە ئاگا و چ بێ ئاگا هەر تاوانی جینۆسایدی ئەنجام داوە] بەڵام ئەی دۆناڵد رامسفێڵد و پیاوە ئاشتی خوازەکانی دیکە لە کوێ بوون ئەو کاتە؟ ئەی نیورک تایمز و گاردیان لە کوێ بون؟**

**دووەم جینۆسایدی کورد لەسەر دەستی ئەمەریکا، ئێران و ئێراقی ئەوکاتە بوو، بە پێی راپۆرتی لیژنەی پایک لە ئازاری 1976دا هەرسێ رژێمی ئەمەریکی، ئێرانی و ئێراقی شۆرشی کوردیان سەرکوت کردو پاشان بارزانی هاواری بۆ کیسەنجەر برد بەڵام لەسەر ئامۆژگاری سەرۆک فۆرد تەنها بێ دەنگی نەبێ هیچ ووشەیەکی دیکەی نەدرکاند![1] پاشتریش بارزانی لە دوا چاوپێکەوتنی لەگەڵ ولیام سافیری گەورە ستون-نوسی نیو یۆرک تایمز ووتی "ئێمە نامەنەوێ ببین بە داشی هیچ کەسێک. ئێمە نەتەوەیەکی کۆنین. ئێمە ئۆتۆنۆمی خۆمانمان ئەوێت. ئێمە سەربەستیمان ئەوێت" [2]**

**ئەمەریکا هەمیشە بۆ خزمەتکردنی ئیسرائیلی هاوپەیمانی ئێمەی بەکار هێناوەو هەمیشە ئێمە ناومان "کرێار"و ئیسرائیلیش "هاوپەیمان". لە هەمان کاتیشدا عەرەبە گێژەکان و تورکە خۆپەرستەکان وا ئەزانن ئیسرائیل چاوی کاڵی کوردی لا جوانەو عاشقی شەقلاوەو بۆکان بوە بۆیە جار بەجارە کە بزانێ خۆی جێگای لەقە، لەقەیەک ئەدا لە نەوەکانی سەلاحەدین کە سەرو گوێلاکی دنیای شکاند!**

**لە 8/21 با بچینە بەردەم باڵوێزخانەکانی ئێراق کە کوردستانی باشور بەشێکی فیدراڵە تێیدا بەڵام با بیرمان نەچێت تەنها سەددام جینۆسایدی کوردی نەکرد، بەڵکو ئیسرائیل، ئەمەریکای زەبەلاح و ئینگلزیی هاوپەیمانی و زۆربەی وڵاتە ئەوروپیە رواڵەت بەهەشتەکانیش قامچیان لە پشتمان داوەو ئێران و تورکیا و سوریاش باشترین داردەست و جەللاد بوون بۆ گیانی کورد. بە بیرمان نەچێت، دۆستی کورد تەنها شاخە، کێ ئەبێ بەدۆستمان با ناوی خۆی بنێ شاخ!**

[1] http://www-tech.mit.edu/archives/VOL_096/TECH_V096_S0067_P004.txt

[2] The Kurds, A people in search of their Homeland. Kevin McKiernan St Martin’s Press March 2006